# سێ چیرۆکیله

**فوئاد میرزا**
**وەرگێڕان و پێشەکی: جەلال زەنگابادی**



## گەواڵە هەور

گەواڵە هەورە چکۆلەکە پێکەنی و بە لاقە دووکەڵینەکانی هەڵیکوتایە سەر گەواڵەیەکی چکۆلەتر و تارومـاری کرد مینا کلووە بەفر و پەمۆ. گەواڵە هەورەکە لە خۆشییا، لە کانگای دڵیەوە پێکەنی و بە کلووە پەراگەندەکانی گوت:

– ئێستا دەبمە شوانێکی بلوێردار و بە ئەفسوونم دەتکەمە بەرخێک و پاشان کەڵە کێوییەک. ئینجا گەواڵەکە بەڕاستی بووە شوانێکی بلوێرژەن و ئاوازێکی دڵفڕێنی ژەنی کە گەواڵە چکۆلەکەی کردە بەرخێک، پاشان کەڵەکێوییەک و پاشڕا باڵندەیەک. بە لاسارییەکی زارۆکانە کە مەگەر بێزاری بیبزوێنێت، گەواڵە چکۆلەکە بە چرکەیەک بووە دەیان شێوە و شت: لە درەختچەیەکەوە بۆ سەری پیرەمێردێکی شکۆمەند، بۆ حوشترێکی دوو لوور، بۆ فیلێکی لمۆزدار، بۆ شەیپوورێک، بۆ کیژۆڵەیەکی فەیلی بە ناوی (نەسرین)

هەموو ئەمانە ڕوودەدەن لە ڕووی ئاسمانی شینی گەشی هەڵهاتوو بەسەر نەسرینی پێکەنیوی هەڵاتوو بە ناو کۆڵاندا لە دەستی عەللاوی کە ساڵێک لێی بچووکترە و ناگەیەتە شادی و غاردانی.

**١٩٧٤**

## کۆڵانەکانی حەپەسان

ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەدا پشکنی، دیارە هەمان ڕوخسارە چکۆلە لە شادی لێوڕێژەکەیە لەبەر چاوی، قژیشی لە دوێنێوە بێنازەو ئاویش چارەی پەڵەپەڵە مۆرەکانی ناکات و بۆ دایکی جارەهای جار سوێنی خواردووە. پێش ئەوەی دایکی بیبینێت بۆی دەرچوو، هەستی بە کامەرانی دەکرد. ئاواتە خوازبوو خەڵکان ڕاگرێت و چەنە بازییان لەگەڵدا بکات. هۆی کامەرانی

خـۆی بدرکـێنێت، کـە دوێنێ ژنە هاوسـێکەیـان هات و وەلکانێکی پێشکەش کرد و لەژێر لێوەوە وتی:

– ئەرێ کوڕیژگە چەند هەژاری!

لە میان شەوەزەنگدا دەنگی دایکی بیست کە خۆش و غـەمگینانە دەسـتـراو، ئەسـتێرەکـان دەبزوان و دەکـەوتنە پشتی پەردەیەکی نهێنییەوە. چاوەیلی نەدەنووقان و هەر بیری لە وشەکانی ئافرەتەکە دەکردەوە.

کە بەیانی داهات، داماوانە لە دایکی پرسی:

– ئەرێ دایە گیان ئێمە هەژارین؟!

– بەڵێ ڕۆڵە

– هەژارگەل کێن؟

– هەموو مەردم.

باش تێنەگـەیشت، وەلێ چونکە وەلکانێکی هەبوو، هەستی بە شاگەشکە دەکرد.

لە نێوان خەون و بێداریدا ئۆتومبێلێک بلەز تێپەڕی و لە پێچەکەدا دیارنەما. تەماشای وەلکانەکەی کرد و لە دڵی خۆیەوە وتی:

– ئەم وەلکانە گـــچکانە کـــە دەژین و دەمــــرن، ئێسکۆڵەکـانیـان ورد و خاش دەبن و ناڵێن ئاخ! لەسـەر زەمیندا، نە کـامـەران و نە غـەمبـار بوو، بێ فـرمێسـک دەگریا.

**١٩٧٤**

## ئەو ڕۆژە کە ماسییەکان فڕین

هەرگیز کەسێ پێشتر کوڕیژگەیەکی وا درێژی نەبینیوە. لاواز و باریک وەک مـەچیـر.. گـاڤـا دەچێـتـە سـەربانی خـانووەکە لە مـیـان ئاپۆرەی زارۆکـان کە بۆ ڕاوە مـاسی ئەفسـوونبـاری فـڕندە خڕ دەبنەوە، لە گشـتـمـان درێژترە، بۆیە لە هەمـوومـان بەخـتـیـارترە لە ڕاوکردنی مـاسـییـە فــڕندەکــان. تۆڕێکی قــوچەکی چەســپــێنراو بەســەر حـەیزەرانێکی درێژی دەهێناو، چەند جـارێک بە دەوری خۆیا دەخولایەوە و تۆڕەکەی بەرزدەکردەوە و ماسییەکان دەکــەوتنە ناوی.. مـــاســیـگەلێکی زێڕین و زیوین، درێژکۆڵەی دەندوک ئاساو، پانکۆڵەی پڵێشاوی دەندوک تیژ و، چاو تووڕەکـانیش، بۆرە مـاسی و سوورەمـاسی و زووری.. هەر هەمـوو دەکـەتـنە دیلی تۆڕە فـڕندەکـەیەوە. کــەمـــێک ڕادەوەســتـــا و تۆڕەکـــەی بە بزاڤــێکی فـڕناخئـامێزەوە ڕادەوەشـاند و سەبەتە بەتاڵەکـانمان تژی مــاســیـگەلێکی زیندوو دەبوون و چەند گـاڤـژمـێـرێک دەجووڵانەوە. ئینجا دەسـتـەکـانی دەخـسـتـە سەر هەردوو کـەللەکـەی و بە دەنگێکی زڕینگاو دەیدا لە قــاقــای پێکەنین.

ئێژن ئەو کوڕیژگە درێژە ئەفسـوونبـاربوو. ڕۆژێکیـان لە ڕۆخی (دیجلە) وردوڕێکی کـردو مـاسـییـەکـان ئاویان بە جێهێڵاو، لە ئاسمانی بەغدا بەسەر ماڵانا دەفڕین. نهۆش دێتەوە یادمـان چۆن کوڕیژگە درێژەکە ڕۆژێکیـان بەخۆیشی شێوەی گۆڕاو بووە شـتـێکی دووکـەڵ ئاسـاو پاشـڕا بووە گەواڵە هەوریکی ماسی ئاسا!

**١٩٧٤**

**فەرهەنگیلە:**

*** بۆرە مـاسی: (بوننی)، سـورەمـاسی: (شـەبـبـووت)، زووری: جۆرە ماسییەکن لە ئاوی ڕووباراندا دەژین.**

*** وەلکان: بووکەڵە.**

*** مەچیر: دەزوو.**

**سەرچاوە:**

**سایتی ماڵپەڕی الکاتب العراقي**

(www.iraqiwriter.com)

* چیرۆکڤان و هونەرمەندی شێوەکارییە.

* لە ساڵی (١٩٥٥) لە دایک بووە.

* کـوردی فـەیلـیـیـە و خـۆی و خـێـزانی زۆر بەدەسـتی بەعـسی فاشیستەوە چەوساونەتەوە و ئاوارە بوونە.

* لە (١٩٧٨)ەوە عـــیــراقی بەجــێـهــێـشــتــووە و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گیرساوەتەوە و ئێستا لەورە دەژێت.

* بڕوا نامەی بەکالۆریۆسی ئەندازیاری ئەلیکترۆنی و ماستەری بەڕێوەبردنی کاروباری هەیە.

* زمانێن عەرەبی و ئیتاڵی و ئینگلیزی دەزانێت.

* دیموکراتییە و لە هیچ حیزبێک کاری نەکردووە.

* لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چیرۆکیلە و کورتە چیرۆک دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤارە عیراقییەکان و دەرەوەی عـیراقدا بەرهەمی بڵاوبووەتەوە وەک: تەلیعە ئەدەبییە، ئەلیفبا، ئاداب، کەرمەل، ئەلسەقافەلعەرەبییە و مەشارف..

* ئەندامی دامـەزرێنەری هاوبەندی شـێـوەکـارانی عـیـراقـە لە ئەمریکا.

* سـەرپەرشـتـڤـانی گـشـتی دەزگـای (ترای) ڕۆشنبـیـری سـەربەخۆیە، کە چەند مـاڵپـەڕێک بەڕێوە دەبات وەک: مـاڵپـەڕێن نڤیسکاری عیراقی و هونەرمەندی عیراقی، لەگەڵ بەشداربوونا لە چەندان چالاکییێن ڕۆشنبیریدا.